**ئەشکەنجەخانەکانی رژێم، لە چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی باشوور، کەمتر نەبوو.**

پاداش و ئاکامی هاوکاری و یارمەتیدانی دڵسۆزانەی حیزبەکانی باشوور کە بەرامبەر رژێمی ئێران نواندیان، ئەوەبوو، لەکۆتایی جەنگ و راگەیاندنی ئاگربەس لەلایەن ئێرانەوە و ئەوکات کە خومەینی "جامە ژەهرە بەنێوبانگەکەی هەڵدا"، نان و خواردن و پەناگە و رێگەی کارکردن و هاتوچووی لە پێشمەرگە و ژن و منداڵیان بڕی و تووشی هەژاری و برسێتی و سەرلێشێواوی و ناهومێدی کردن، بەو مەبەستە کە ناچاربن بگەڕێنەوە بۆ باوەشی سەددام. ئەوەبوو بەشێکیان گەڕانەوە و، رژێمی عێراقیش کە لە رۆژێکی وا دەگەڕا، هەموویانی کۆکردەوە و تێکەڵ بە کاروانی ئەنفالکراوەکانیان کردن و، بێسەروشوێنیان کردن.

**بەلایەنی رژێمی درندەی بەعسەوە، هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە، زەوینەی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گەورەتر و سامناکتر بوو بۆ سەر کوردستان، بەنێوی «ئەنفال» کە بەهۆیەوە سەتان هەزار ژن و منداڵ و پیرولاوی کورد، لە زنجیرە هێرشێکی بەربلاودا، لە شار و گوند و شارۆچکەکانەوە بەرەو دەشتەکانی باشووری عێراق راگوێزران و لەنێو لم و تۆز و زیخەلانی کاکی بەکاکیی ولاتی عەرەبدا زیندەبەگۆڕکران.**

**خوێنەرەوەی هێژا!**

لە کۆبەندی باسەکەماندا، ئەگەر بمانەوێ بابەتانە و لەروانگەیەکی زانستی و بیری نەتەوەییەوە، دەستنیشانی چەوتی و هەڵەی سیاسەتی سەرکردەیەتیی کورد لەوسەردەمەدا بکەین، دەزانین کە هۆکاری سەرەکی سەرلێشێواوی سیاسی و تێکەڵکردن و گرێدانی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورد بە کێشە و ناکۆکیی نێوان داگیرکەرانی کوردستانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و ونبوونی بەرنامە و ستراتیژێکی رۆنی نەتەوەیی. ئەورۆکەش هەر نەبوون و پێڕەونەکردنی ئەو ستراتیژ و بیروباوەڕە نەتەوەییەیە، کە پاش تێپەڕبوونی ١٥ ساڵ بەسەر دامەزراندنی "هەرێمی ئاسایش" و، دوای رووخانی رژێمی سەددام، کورد جگە لەوەی کە بەئامانجەکانی نەتەوەیی خۆی نەگەیوە، بەڵکو سەرکردەیەتیی کورد لە باشوور، بوو بە لایەنی سەرەکیی بۆ دامەزراندنەوەی رژێمی داگیرکەری عیراقی نوێ. لە شاری هەڵەبجە و نێوچە ئەنفالکراوەکاندا، یادی "هەڵەبجە" و ئەنفال"، لەژێر سێبەری رەش و نگریسی ئالای بەعسدا دەکرێتەوە. ئەوەش پێشاندەری ئەو راستییەیە کە، ئێمەی کورد هیچ وانە و ئەزموونێکمان لە "هەڵەبجە" و "ئەنفال" و، کارەساتەکانی دیکە وەرنەگرتووە، چۆنکە سەرەڕای خەباتی دوورودرێژ و قوربانیدانی بێئەژمار، هێشتا بەرژەوەندی و ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی خۆمان ناناسین. ئەگەنا باروودۆخمان ئێستا لەجێیەکی دیکەدا دەبوو. جووەکان، کوژرانی چەند ملیۆن جوو کە بەدەستی نازییەکان لە سالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا تێداچوون، بەکار هێنا بۆ رزگارکردنی خۆیان و سازکردنی قەوارەیەکی سیاسی و نەتەوەیی و، دەوڵەتی ئیسرائیلیان پێدامەزراند. بۆسنیەکانی یوگسلاڤیا قەلاچۆی کەلەکەیان بەدەستی میلۆسۆڤیچ بەکارهێنا و کردیانە زەوینەی سازکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆسنی. نەتەوەکانی بندەستی سۆڤیێتی کۆن، لەو دەرفەتەی هەڵکەوت بۆیان کەڵکیانوەرگرت و، دەوڵەتی ناسیۆناڵی خۆیانیان راگەیاند.

**جا ئێمەی کوردیش، کاتێک دەتوانین بە سەربەرزییەوە یادی کارەساتەکانمان بکەینەوە، کە دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆمان پێکهێنابێ و، لە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاددا بەڵێن بە شەهیدانمان بدەین، کە نیشتمانێکی بەهێز و پێشکەوتووی خاوەن دەسەلاتی ئابووری و سوپایی ئەوتۆ دادەمەزرێنین، کە چیدی هیچ درندە و خوێنخۆرێکی سەرگۆی زەوین نەوێرێ خوێنی تاکەکوردێک برێژێ، یان چاو ببڕێتە تاکە بستێکی خاکی پیرۆزی نیشتمان. بەلام یادکردنەوەیەک لەژێر ئالای بەعس و، داگیرکەراندا بگیرێت، ئەوا دەبێ خۆمان بە شەرمەزاری شەهیدانمان بزانین و، بەراشکاوییەوە پێیان بڵێین، ئێوەمان بەکارهێنا، بۆ گەیشتن بە ئامانجی تایبەتیی خۆمان.**

پێویستە لەو راستییە بگەین، تا نەبینە خاوەنی بیروباوەڕی نەتەوەیی، ناتوانین لە رابوردوومان ئەزموون وەربگرین و، ناشتوانین داهاتوویەکی رۆشن بۆخۆمان مسۆگەر بکەین. هەروەک چۆن، کارەساتەکانی

«بۆ لاپەڕە ٢٣»